# بۆچی کەرگەدەن مووی نییە

Basilio Gimo, David Ker
Carol Liddiment
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 2

(uten bilder)

ڕۆژێکیان کەرویشک بە لیواری ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت.

کەرگەدەنیش لەوێ بوو. ئەو چوو دەورێکی لێدا و هەندێ
گیای سەوزی خوارد.

کەرگەدەن لە بێبەختی خۆی کەروێشکی لەوێ نەبینی،
پێیەکی لەسەر پێی کەرویشکەکە دانا. کەروێشك بەسەر
گەرگەداندا گوڕاندی: “ئەی کەرگەدەن! ئاگات لێ نییە لەسەر
پێی من ڕاوەستاوی؟”

کەرگەدەن داوای لێبوردنی لە کەروێشك کرد: “ببوورە هاوڕێی من. من تۆم نەبینی، تکایە بمبوورە!” بەڵام کەروێشك کە نەیدەویست گوێ بگرێ، بەسەر کەرگەدەندا هاواری کرد: “تۆ بە ئانقەست وات کردا ڕۆژێك دەبێ تاوانی ئەم کارەت بدەی! دەبێ سزای ئەم کارەت وەربگری!”

کەروێشك ڕۆیشت بۆ ئەوەی ئاگر بدۆزێتەوە و پێی گوت: “برۆ کەرگەدەن بسووتێنە کاتێك لە ئاوەکە دێتە دەرێ بۆ خواردنی گژوگیا. ئەو پێی لەسەر پێم دانا!” ئاگر وەڵامی دایەوە: “هیچ کێشە نییە، کەروێشکی هاوڕێم. من ڕێك ئەو کارە دەکەم کە تۆ داوات لێ کردم.”

دواتر، کاتێ کەرگەدەن لە قەراغ ڕووبارەکە گژوگیای دەخوارد، لە ناکاو بینی ئاگر هێرشی هێناوە بۆی. ئاگرەکە خێرا تەشەنەی دەکرد. ئاگرەکە دەستی کرد بە سووتاندنی مووەکانی کەرگەدەن.

کەرگەدەن گریا و هەڵات بۆ ناو ئاوەکە. هەموو مووەکانی بەهۆی ئاگرەکەوە سووتا. کەرگەدەن گریا: “مووەکانم لە ناو ئاگردا سووتان! تۆ هەموو مووەکانمت سووتاند! هەموو مووەکانم لەناو چوون!”

کەروێشك خۆشحاڵ بوو لەوەی مووەکانی کەرگەدەن سووتان. لەو ڕۆژەوە کەرگەدەن لە ترسی ئاگر لە ئاوەکە دوور نەکەوتووەتەوە.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## بۆچی کەرگەدەن مووی نییە

Skrevet av: Basilio Gimo, David Ker
Illustret av: Carol Liddiment
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.